
سەروتار



سەرنووسەر

# رۆژنامەنووسیی ئەدەبی



خۆ دەستنیشانکردن لە هەموو بوارێکدا گرینگی و بەهای تایبەتی خۆی هەیە، ئەنجامی باشیشی لێ دەکەوێتەوە بە تایبەتی لەلایەن رۆشنبیری نەتەوەییمانەوە. دوای راپەڕین بە شێوەیەکی بەرچاو هێند ئازادانە و رەنگاورەنگ ئاسۆیەکی رووناک بەڕووی رۆشنبیری کوردیدا کرایەوە، دەکرێت وەک ئاسۆیەکی شەبەنگ حیسابی بۆ بکرێت و ئاواتەکانی خۆمانی لە ناودا بچێنین. لە ناو کایەی ئەو هەموو کارە رۆشنبیرییە لەبارانەی ئەمڕۆدا کە لە ناوەندی رۆشنبیریی کوردیدا ئەنجام دەدرێت رۆژنامە و کۆواری کوردی کە هەموویان دڵخۆشکەرن و دەبنە مایەی سەرسامی و خۆشەویستیمان دوای وردبوونەوەمان لە باری رۆشنبیری تێکڕای کۆوار و رۆژنامەکان ئێمە لە دەزگای شەفەقدا وامان بە گونجاو و لەبار زانی کە خۆ دەستنیشانکردنێک لە ناو کۆوار و رۆژنامە کوردییەکان پەنجە نوما بکەین و کۆواری نەوشەفەق تایبەت بکەین بە بەرهەمی "ئەدەبی" تا بشکرێت بەو ئاراستەیە کار بکەین و بە تایبەتیش بایەخ بە

دەقی نوێ و ئەدەبی هاوچەرخ بدەین.

جۆرێک بێ زەوقی بەرامبەر خوێندەواری کورد دەکرێت. دەبینین لە ڕۆژنامەیەک یا خۆ کۆوارێکدا بابەتێک دەربارەی ئەدەبی ڕۆمانسی نووسراوە و خوێنەر دەباتە ناو کەشێکی ڕۆمانسییانەی چێژدار و هەڵوەستەیەکی روحیمان پێ دەبەخشێت. ئەمە دیاردەیەکی یەکجار تەندروست و گونجاوە کەچی لەو بارە ئاسابییە جوانەدا کە خوێنەر نوقم و سەراسیمەی چێژ بووە، بە تەنیشت ئەو بابەتەوە بابەتێکی فەلسەفی یا رامیاری یا خۆ دەربارەی ئینتەرنێت بڵاو دەکرێتەوە.

جۆرێک هێڵ، ئاڵۆزی دەخاتە مێشکی خوێنەرەوە ئەگەر ئەمە جۆرێک بێ زەوقی نەبێت بەرامبەر خوێنەر ئەوا جۆرێک نەزانینە.

لە ئەنجامی لێوردبوونەوەیەکی زۆرمانا و ڕاگۆڕینەوەمان لەگەڵ خۆمان و برادەرانی دەرەوەی خۆمان بڕیارمان دا کۆوارەکەمان تایبەت بکەین بە بەرهەمی ئەدەبی داهێنراو هەر لە کردنەوەی ئەو دەروازەیەی کە ئاماژەمان بۆی کرد داوا لە و نووسەرانە دەکەین کە بایەخی سەرەکییان لە رووی نووسینەوە بەرهەمی ئەدەبی بێگەردە کۆوارەکە بەهی خۆیان بزانن و بە هەمووومان بیکەین بە رووبەرێک بۆ ئەدەبی داهێنراوی کوردی و لە پاڵیشیدا وەرگێڕانی بابەتی نایاب کە ئیزافەیەک بێت بۆ ناوەندی ئەدەبی کوردی و ببێتە هۆ و هۆکاری جۆرێک گۆڕان بە ئاراستەی ئیجابییەوە، ئەم نەخشە و پیلانەش لە راستیدا پێشنیازی بەدران ئەحمەد خاوەنی ئیمتیاز بوو. ئێمە پێمان وایە نەک کاتی ئەوە هاتووە بەڵکو زۆر درەنگیشە کە تایبەتمەندێتی بپارێزین واتە هەندێک کەشکۆڵ و کۆوار کە نەک هەر چێشتی مجێورە بەڵکو قوتوی عەتاریشە، مرۆڤ نازانێ بەدوای چیدا بگەرێ، بۆیە پاراستنی تایبەتمەندێتی خزمەت و کارئاسانی دەکاو مرۆڤ چێژ و زەوقی خۆی تیا دەدۆزێتەوە زۆری گرینگ نییە، بەڵکو جۆری گرینگە یەک لە خڕبوونەوە ئەدەبییەکاندا سەرنووسەری گۆڤارێک بە دوو برا نووسەرەکەی تری دەڵێ کە ئێستێک بگرن ئەوا دەگەڕێتەوە لایان، بەڵام یەک لەو دووە بەهاورێکەی دەڵێ هیزە هەڵێ بۆلای ماشێنەکەی چوو بە خوا گۆڤارەکەی دێنی با راکەین، زۆری ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە مرۆڤ لەبەری هەڵدێ... بەڵام جۆری وەدووی دەکەون و دەیکرن و هەڵی دەگرن و دەیپارێزن... کەواتە کە ئێمە کار بکەین بۆچی دووەم هەڵنەبژێرین کەوابزانم کردووشمانە.